# شوێن و پێگەی پۆشاکی ئافرەتی کورد لە شوناسی نەتەوەییدا
# توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە

م.ی.شەرمین ولی علی

sharmen.ali@su.edu.krd

بەشی کاری کۆمەڵایەتی-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەددین

بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە:٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختەی توێژینەوە:**

پۆشاک کلیلی ئاشکرابوونی تایبەتمەندانەی تاکە لە نێو هەموو نەتەوەکاندا، هەموو کۆمەڵگایەک جۆرێک لە پۆشاکی هەیە دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵگا و کولتوورەکەی؛ بەمەش پێناسی شوناسی نەتەوەیی ئەم کۆمەڵگایە دەکات، لەم ڕوانگەیەوە نەتەوەی کوردیش وەکو گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەم جیهانەدا، خاوەنی پۆشاکی تایبەت بە خۆیەتی بە چەندین جۆر و دیزاین و شێوازی جیاواز کە دەرخەری لایەنی تۆپۆگرافی و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان دەگەیەنێت، کە جێی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بووە، پۆشاکی ئافرەتانی کوردیش بەهۆی جۆراوجۆری لە ڕەنگ و شێوازیدا بووەتە هێمای ژیاندۆستی و مانای بەستنەوەی خانمان دەگەیەنێت بە سروشتەکەیان کە پڕە لە سەوزی و گوڵ و ئاماژەی مرۆڤدۆستی و وزەی ئەرێنی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری: تاچەند پۆشاک وەک هێما و ناسنامەیەک لێی دەڕوانرێت؟ ئاماژە کولتوورییەکانی پشت پۆشاکی کوردی چییە و چ مانا و بەڵگەیەک لە خۆدەگرن؟ گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە؛ لەوەی کە یەکەم هەوڵی زانستی و ئەکادیمییە بە زمانی کوردی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیی تایبەت بە پۆشاک، هەروەها دەبێتە هاندەرێک بۆ هەڵوەستەکردن بایەخپێدان و سەیرکردنی پۆشاک وەک هێما و ئاماژەیەکی گرنگ بۆ کورد، وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت. کەواتە ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی واقیعی پۆشاکی کوردی خانمان لە دیدی پسپۆڕان و شارەزایانی کورد، هەروەها کاریگەری ئایدۆلۆژیا لەسەر پۆشاک وەک هێمایەکی شوناسی نەتەوەیی، دەرئەنجامی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی پۆشاک زمانی دووەمی میللەتانە بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە شوناسەکەیان، هەروەها ئایدۆلۆژیا بەتایبەت تۆتالیتارییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر کاڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی کە زۆرجار لە شێوە و دیزاین و تەنانەت ڕەنگی پۆشاکی ئافرەتی کوردی کۆمەڵگاکەماندا ڕەنگدەداتەوە..

**کلیلەکانی توێژینەوە**: پێگە (Position)، پۆشاک (Clothes)، شوناس (Identity)، شوناسی نەتەوەیی (National identity)

**پێشەکی:**

پۆشاک مانا و بەهای کولتووری فراوانی هەیە لە فەزای کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و تەنانەت ئابووریشدا. لە ناو کورددا ئەم ڕەگەزە کولتوورییە لەڕووی ڕەنگی پۆشاک و شێواز و دیزاینەکەی وەک ئاماژەیەک بۆ ژیاندۆستی و جوانکردنی فەزای کۆمەڵایەتی بایەخی تایبەتی پێدەدرێ.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرخستن و شرۆڤەکردنی پەیوەندی پۆشاکی ئافرەتی کورد بە شوناسی نەتەوەییەوە، لەم توێژینەوەیەدا کە توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، پشت بەستراوە بە میتۆدی مێژوویی و میتۆدی

شیکردنەوەی ناوەرۆک کە تیایدا ئامرازی چاوپێکەوتن و تێبینیکردن بە بەشداریکردنەوە بەکارهاتوون؛ ئەم توێژینەوەیە لە چەند بەشێک پێکهاتووە: بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، کە چەند باسێک لە خۆی دەگرێت، باسی یەکەم، گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، باسی دووەم؛ ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەیە، بەشی دووەم پێکدێت لە: میتۆد و هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە، کە ئەمیش پێکهاتووە لە ١.میتۆدەکانی توێژینەوە ٢.کۆمەڵگا و نموونە و بواریی توێژینەوەکە ٣. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە چاوپێکەوتن و تێبینکردنە بە بەشداریکردنەوە، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە، کە لە چەندین تەوەر پێکهاتووە؛ تەوەری یەکەم/ مێژووی پۆشاک؛ مانا و ئاماژەکانی. تەوەری دووەم/ شێواز و ستایلی پۆشاکی ئافرەتی کورد. تەوەری سێیەم/ پۆشاک لەنێو شوناسی نەتەوەییدا. تەوەری چوارەم/ بەریەککەوتنی کولتووری و ڕەنگدانەوەی لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد. تەوەری پێنجەم/ مۆدێرنە و کاریگەری لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد. بەشی چوارەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەکە، سەرچاوەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردە، لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی دانراوە.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: گرفت و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە:**

پۆشاک وەک ڕەگەزێکی کولتووریی بەهۆی تێکەڵاوی نەتەوەیی، کولتووری و دونیای تەکنەلۆژیا و فراوانی ئامرازەکانی پەیوەندی تێکهەڵکێش بووە لەگەڵ بابەتی ئایدیۆلۆژی و کاریگەری دروستکردووە لەسەر زمانی جەستە و ئاماژەکانی.

لەم پێناوەدا توێژەر کۆمەڵێک پرسیار دەخاتەڕوو تا لەم توێژینەوەیە وەڵامی دروستی دەستبکەوێت کە بریتین لە:

١.تا چەند پۆشاک وەک هێما و ناسنامەیەک لێی دەڕوانرێت؟

٢. ئایا پۆشاک ڕەنگدانەوەی لە کولتوور و پرۆسەی شارستانیبووندا هەیە؟

٣. گۆڕانکاری لە جلوبەرگی خانمانی کورد چ کاریگەرییەک و لێکەوتێکی هەیە لەسەر کۆمەڵگا؟

٤. ئاماژە کولتوورییەکانی پشت پۆشاکی کوردی چییە و چ مانا و بەڵگەیەک لەخۆدەگرن؟

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە یەکەم هەوڵی زانستی و ئەکادیمییە بە زمانی کوردی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیدا، لەبارەی پۆشاکی خانمانی کورد و ڕەنگدانەوەی لەسەر کولتوور لە هەرێمی کوردستاندا، هاوشان گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، دەبێتە هاندەرێک بۆ هەڵوەستەکردن و سەیرکردنی پۆشاک وەک هێما و ئاماژەیەکی گرنگ بۆ کورد، وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، کە توێژینەوەی زیاتری لەبارەیەوە ئەنجام بدرێت.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی گشتی توێژینەوەکە بریتییە لە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی پۆشاکی ئافرەتانی کورد لە سەر کولتووری کوردی، لەگەڵ گەیشتن بە چەندین ئامانجی دیکەی وەک:

١.دەرخستنی ڕەوشی پۆشاکی کوردی خانمان لە دیدی پسپۆڕان و شارەزایانی کورد.

٢.کاریگەری ئایدۆلۆژیا لەسەر پۆشاک وەک هێمایەکی شوناسی نەتەوەیی.

٣.دەرخستنی پۆشاک وەک ڕەگەزێکی کولتووری لەنێوان ڕەسەنایەتی و مۆدێرنەدا.

sjh@univsul.edu.iq

**باسی دووەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

١.**پێگە(Position):** پییر بۆردیۆ پێگە دەبەستێتەوە بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری؛ بەو پێیەی کە پێگە لە میانەی کۆنترۆڵکردن بە سەرچاوە هێماییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بونیاد دەنرێت کە لە نێوەندی کۆمەڵایەتیدا پێیدەبەخشرێن. (Bourdieu. 1986. P241) ؛ لێرەوە دەتوانین بڵێین کە بەخشینی شوێن و پێگە لە ڕێی کولتووری کۆمەڵگاوە دەبەخشرێتە تاک، بەم پێیە تاک جۆرێک لە تایبەتمەندی کەسێتیی وەردەگرێت بەهۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەوانی دی یان بەهۆی ئامادەبوون و کاریگەریی و هەر دەسکەوتێکی کە لەو نێوەندەدا گرنگی و بەهای خۆی هەبێت.

٢.**پۆشاک(clothes):**

ئامرازێکە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێ گوزارشت لە هەستکردنی بە ئینتیمای بە کۆمەڵەکەی، هەروەها لە سۆزە کەسییەکانی لە ڕێگەی ڕەفتاری لەبەرکردنی جلوبەرگ بکات. (فاروق، ٢٠١٣. ل١٩٤) ؛ هەروەها شکسپیر دەڵێ: جلوبەرگ مرۆڤ دروست دەکات. (فاروق، ٢٠١٣. ل١٩٦).

واتە پۆشاک هێمایەکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئاشکرا دەبێت و پێناسی خۆی لە ڕێی ئەو جلوبەرگە دەکات کە دەیپۆشێت.

٣.**شوناس(Identity):** بریتییە لە هەستکردن بە جیاوازی کەسی، هەستی بەردەوامی کەسی، هەستی سەربەخۆیی کەسی (Jacobson. 1998. p9).

هەروەها مانوێل کاستێل پێیوایە: شوناس پرۆسەی دروستبوونی مانا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کولتووری یان دەستەیەک تایبەتمەندی کولتووری کە باڵا دەستیان بەسەر سەرچاوەکانی دیکەی مانادا هەیە(castells, 1997:7).

کەواتە دەتوانین شوناس وەک هێما و ئاماژەیەکی گرنگی مانابەخشین بە تاک و کولتوورەکەی وەربگرین کە جۆرێ لە تایبەتمەندی کەسی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

٤.**شوناسی نەتەوەیی(National Identity):**

شوناسی نەتەوەیی بە نیشاندانی هەستی سەربەخۆیی بە نەتەوە دەزانێت، کە مەرج نییە بە دەوڵەتێکەوە ببەسترێتەوە (واتە ئەم هەستە سەربەخۆییە بەبێ گوێدانە ئەوەی نەتەوەکە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە یان نا؛ ئەمەش پەیوەندی بەرامبەر و بەهێزکەری نێوان سەر بە نەتەوە وەک ناسنامە و وەک ئەندامێتی نیشان دەدات. (Gui Bernau 2013, 4).

دەشێ شوناسی نەتەوەیی ئاماژە بێ بۆ ئەو هەستە بابەتییەی کە تاک لەگەڵ کۆمەڵێک کەسدا سەبارەت بە نەتەوەیەک هاوبەشی دەکات، بەبێ گوێدانە دۆخی هاوواڵاتیبوونی یاسایی مرۆڤ.( Lee Y. 2012: p29)

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە شوناسی نەتەوەیی هەستی پابەندبوون و وابەستەیی تاک دروست دەکات بە کۆمەڵگاکەی بە پێی پرەنسیپەکانی یاسای گشتی نێو دەوڵەتی، بۆ ئەمەش مرۆڤ وا وێنای خۆی دەکات کە خاوەنی تایبەتمەندیی خودییە لە چوارچێوەی نەتەوەکەیدا.

**بەشی دووەم: میتۆد و هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە:**

١.**میتۆدەکانی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا (شوێن و پێگەی پۆشاکی ئافرەتی کورد لە شوناسی نەتەوەییدا- توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە) ئاراستەی (چۆنایەتی- qualitative) بەکارهاتووە،

ئەم ڕێبازە چەندین شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنێت، وەک چاودێریکردن، چاوپێکەوتن، بابەتی پرسیارنامەی وەڵامی کراوە، ڕاپۆرتی زارەکی، ڕۆژنامە و شیکاری گوتار؛ هەموو ئەم ڕێباز و شێوازانە و لەناو هەریەکێک لەم ڕێباز و شێوازانەی توێژینەوەدا، کۆمەڵێک تەکنیک و ستراتیژی توێژینەوە پەرەی پێدراوە بۆ یارمەتیدانی

توێژەرانی چۆنایەتی بۆ ئەنجامدانی کارە ڕۆژانەییەکانیان – چەمکسازیی پرۆژەی توێژینەوەکە، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، و نووسینی دۆزینەوەکان. (Heigham.2009, p5).

لەم توێژینەوەیەدا داتا و زانیاریی چۆنایەتی بەکارهاتووە، کە ئامانجان تێگەیشتن بووە لەبارەی پێگەی پۆشاکی ئافرەتانی کورد لەنێو شوناسی نەتەوەییدا، مانا و ئاماژەکانی پۆشاک چییە، شێوە و دیزاینی چۆنە؟ تا چەند وەک هێمایەکی شوناسی نەتەوەیی چاوی لێدەکرێت، سەرەڕای دەرخستنی بەریەککەوتنی کولتووری و کاریگەری مۆدێرنە لەسەر پۆشاکی ئافرەتانی کوردەوە؛ بۆ ئەم مەبەستەش بە پێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە خۆی لە چەند تەوەرەیەکدا دەبینێتەوە، کە شیکردنەوەی تەوەری(Thematic analysis) ئەنجامدراوە، شیکردنەوەی تەوەر: جۆرێکە لە میتۆدی چۆنایەتی، بۆ شیکردنەوەی داتای چۆنایەتی کە بەشداری دەکات لە بەدواداگەڕانی دووبارەبوونەوەی هزرەکان ( Jason and Glen wick, 2016; 33.) لەم نێوەندەشدا چوارچێوەی میتۆدۆلۆژی ئەتنۆگرافی گیراوەتەبەر و جێبەجێکراوە.

**١.میتۆدی ئێتنۆگرافی (Ethnography method)**

ئێتنۆگرافی ستراتیژییەکی توێژینەوەیە کە پێیوایە تاکە شێوازێکە بۆ توێژینەوەی دیاردە کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان کە بە شێوەیەکی کرداری لە مەیداندا لێکۆڵینەوە بکرێ لە ئاڵۆزییەکانی ژیانی مرۆیی و مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان؛ ناتوانین بۆ تاقیکردنەوەیەکی تاقیگایی کورتی بکەینەوە کە تیایدا کۆنترۆڵی گۆڕاو گەلێکی دیاریکراو دەکرێت(مرجیسن، ٢٠١٤: ٨١).

توێژەری ئێتنۆگرافی لە ڕێگەی چاودێری (تێبینیکردن) و چاوپێکەوتنەوە دەگاتە ئەنجامەکانی کە بەدوای ڕەوش یان ڕاستیدا دەگەڕێت، چونکە هەر کۆمەڵێک ڕاستی ئەبستراکت یان بابەتی نییە کە توێژەر بە دوای دۆزینەوەدا دەگەڕێت، بەڵکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە و جوڵەیەکی کارلێککردنە لە نێوان کۆمەڵێک فاکتەری مرۆیی کە کاریگەری لەسەر ئەو دیاردەی کە توێژینەوەی لەبارەوە دەکەین هەیە.(عبيدات ، ابو السميد ، ٢٠٠٢ص٢٠٤). لەم توێژینەوەیەشدا پسپۆڕان و شارەزایان (Expert keynote informant) وەرگیراوە و بەشدارن لە توێژینەوەکەدا، کە سەرباری بواری پسپۆڕیی وردیان؛ لەهەمانکاتدا سەرنج و تێبینی خۆیانیشیان هەیە لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد وەک شوناس، ئەمە جگە لەوەی کە خودی توێژەر خۆشی بەشدارە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە، چونکە ناکرێ باس لە تێبینکردن بە بەشداریکردنەوە نەکەین لە ئێتنۆگرافیدا.

**٢.کۆمەڵگا و نموونە و بواریی توێژینەوەکە:**

**یەکەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: (شوێن و پێگەی پۆشاکی ئافرەتی کورد لە شوناسی نەتەوەییدا-توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژییە، لەهەرێمی کوردستان، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە پۆشاکی ئافرەتی کورد، زیاتر ئەوکەسانە دوێندراون کە لەنێو کۆمەڵگادا ئامادەگییەکی ڕژدیان هەبووە لە کات و شوێنی جیاواز لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پرسە نیشتمانییەکان و خاوەنی پسپۆڕیی جیاجیان)

**دووەم/ نموونەی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتبەستراوە بە نموونەی مەبەستدار لە کەسایەتییەکان، کە ئەزموونیان هەیە لەبارەی پۆشاکەوە و خاوەنی بڕوانامەی دیاریکراون و پسپۆڕیان هەیە لە بواری (کۆمەڵناسی، فەلسەفە، شەریعەتناسی، بواری فۆلکلۆر و ئەنترۆپۆلۆژیا، مێژوو، جلی کوردی..تد)، ئەم کەسایەتیانە خۆیان هاوولاتین لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان، هەروەها هەڵوستەی ڕژدیان هەیە لەبارەی پرسە چارەنووسساز و گرنگەکانی پەیوەست بە نەتەوەسازی و نیشتمانسازی، سەرباری پسپۆڕیان و هەبوونی نووسین و بابەتی زانستی لە پرسە گرنگەکانی کولتووری کۆمەڵگاکەمان بەتایبەت بابەتی پۆشاک و جلوبەرگی نەتەوەیی کوردی.

sjh@univsul.edu.iq

**سێیەم/ بوارەکانی توێژینەوە:**

**١.بواری مرۆیی:** ئەو کەسایەتی و پسپۆڕانە وەرگیراون کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن، کۆمەڵێکن لە ئافرەت و پیاوی خاوەن ئەزموونی کارکردن و نووسین و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە پرس و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان؛ سەرباری بڕوانامەی بەرز و پسپۆڕی وردیان.

**٢.بواری شوێن:** سنووری جوگرافیای توێژینەوەکە بریتییە لە هەرێمی کوردستان.

**٣.بواری کاتی:** مەبەست ئەو کاتە کە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە تەرخانکراوە کە ماوەی (٢/٢١- ٢٠٢٥/٣/٨ ) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری خایاندووە.

**٣. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری: میکانیزمی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان:**

**چاوپێکەوتن:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە چاوپێکەوتن (**Interview**):

**یەکەم:** لێرەدا چاوپێکەوتنی قووڵ کراوە، بەجۆرێک کە نموونەی وەرگیراو خۆشیان توێژەر و پسپۆڕن لە بابەتی جیاجیا؛ هەروەها ئەو کەسانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشانکراون بەشێوەی مەبەستدار بووە و هەریەکەیان جیاوازن لە ڕووی ئەزموونی کارکردن و شارەزایی و پسپۆڕیان، کە هەریەکەیان دید و بۆچوون و سەرنجی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ جگە لەوە هەریەکەیان بە پێی تایبەتمەندیی پسپۆڕییان وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، پسپۆڕییەکان بریتین لە (ئەنترۆپۆلۆژیا، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، فۆلکلۆری کوردی، شەریعەتناسی، مێژوو، زمانی کوردی و شارەزا لە بواری پۆشاکی کوردی)، کە کەسانی کاریگەرن لەنێو کۆمەڵگا و خاوەنی بەرهەمی زانستین لە ڕووی توێژینەوە و کتێب، سەرباری هەڵوێستی ورد و زانستییان لەهەمبەر پرس و دیاردە و بابەتەکانی بواری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لە کوردستان. کەسایەتییەکان بریتیین لە (١.پ. د. شکریە ڕەسول-پسپۆڕیی کەلەپوور و ئەدەبی کوردی ٢. م. حەمە کەریم هەورامی- پسپۆڕیی شەریعەتناس و ئەدیب و ڕۆماننووس وەرگێڕ ٣. د. نازناز محەمەد قادر- پسپۆڕیی بواری مێژوو ٤. پ.د. محەمەد شوانی- پسپۆڕیی ئەنترۆپۆلۆژیا ٥. پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد- پسپۆڕیی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ ٦. پ.ی. مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی- پسپۆڕیی لە جوانناسیی فەلسەفی و بۆردی دکتۆرا لە فەلسەفەی نوێ ٧. م. عەقیلە ڕەواندزی- پسپۆڕیی شارەزا لە کاروباری ئافرەتان ٨. ئاواز دزەیی- پسپۆڕیی فۆلکلۆر)

**دووەم:** چاوپێکەوتنەکان لە شوێنی جیاجیا ئەنجامدراون بە پێی بارودۆخ و دەرفەتی کەسایەتییەکان کە لە ماڵ و کافتریا و زانکۆ و..تد، لە هەر شوێنێک کە پسپۆرەکان پێیان وابووە کەشێکی ئارام و گونجاوە بۆیان گیراوەتەبەر لە پێناو دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە بێ هیچ فشار و کاریگەرییەکی دەرەکی کە کاربکاتە سەر وەڵامەکان.

**سێیەم:**

سەرجەم چاوپێکەوتنەکان بە شێوەی ڕیکۆردکراو ئەنجامدراون، کە دواتر توێژەر یاداشتی کردوون.

لێرەدا چاوپێکەوتنی تاکەکەسی ئەنجامدراوە، کە ئەویش بەنرخە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری ورد سەبارەت بە مانای ڕووداوێک، دیاردەیەک یان پرسێکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی بۆ هەر بەشداربوویەک لە شوێنێکدا؛ ئەوان لە شوێنێکدا گونجاو دەبێ کە ڕەنگە چاوەڕوان بن چەندین چیرۆکی جیاواز سەبارەت بە شوێنێک یان زەمینەیەک بگێڕدرێنەوە، لەو شوێنانەی کە ئێمە ئارەزووی فێربوونمان هەیە دەربارەی ئەم بابەتە.

**٢. تێبینیکردن بە بەشداریکردنەوە:**

ئامرازی تێبینیکردن "سەرکەوتووە" تا ئەو رادەیەی کە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە گرتنی رووداو و بەشداربووانی پەیوەندیدار لەگەڵ بنیاتەکانی سەرنجراکێشدا جێبەجێ دەکات.

لێرەدا توێژەر بە ئەندازەیەکی زۆر پشتیبەستووە بە تێبینیکردن بە بەشداریکردن وەک رێبازێکی سەرەکی توێژینەوەکە دەیناسێنێ و ماوەیەکی زۆر سەرنجی لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد بووە وەک شوناسێکی نەتەوەیی؛ بەردەوام وەک ئەندام و تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە لە نزیکەوە تێبینیی لەسەر جلوبەرگی کوردی و شێوازی گۆڕانی پۆشاکی ئافرەتی کورد لە بەرگێکی کوردەوارییەوە بۆ بەرگێکی داپۆشراو بەناوی ئایین و ئایدۆلۆژیاوە لەلایەن بەشێک لە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە بەناوی تاجی زێڕین و چەندین ناونیشانی دیکە کردووە، کە جەختی سەرەکی لەسەر کچانی تەمەن خوار پێگەیشتن بووە بەجۆرێک و کچانی هەرزەکار بووە، کە بەشێوەیەکی یەک دیزاینی و یەک رەنگی باگەشەی بۆ کراوە و کاری لەسەرکراوە، کە ئەمەش وەک دەبینرێ کاریگەری لەسەر بیرو روانگە و شێوازی بیرکرنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا هەبووە؛ بە جۆرێک لە رەوایەتی پێ بەخشیوە و لەبەرامبەردا پۆشاکی کوردی بەرەو کاڵبوونەوە یان جۆرێک لە دژایەتیی بووە بەناوی نەبوونی وەک پۆشاکێکی شەرعی.

لەو رێگایەوە توێژەر بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری و هەوڵیداوە خۆی لەگەڵیاندا لە نزیکەوە لە هەڵسوکەوت بکات و لەو ئامرازانە تێبگات.

لەم توێژینەوەیەدا تێبینی وەک میتۆد و ئامرازێکی سەرەکی دانراوە، تێبینیکردن بە بەشدارییەکی تەواو بەکارهاتووە کە ئەمیش هەوڵدەدات تێکەڵ بە توێژینەوەکە بکرێت بۆ گونجاوی شێوازی ژیان و داب و نەریت، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات بەرەو "نقومبوون" لە کولتوورێکی دیاریکراودا، باشترە بۆ ماوەیەکی درێژتر، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی ناوخۆیی لەم کولتوورە بەدەست بهێنرێت یان وەک ئەندامێکی (پەراویز) یان وەک سەردانکەرێک، تارادەی شێوازی هەستکردنیان بە واقیع.

**بەشی سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە: لەم بەشەدا هەوڵدراوە بابەتەکانی پەیوەست بە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە بە چەند تەوەرێک بخرێتەڕوو:**

**تەوەری یەکەم/ مێژووی پۆشاک؛ مانا و ئاماژەکانی:**

**-مێژووی سەرهەڵدانی پۆشاک:**

یەکەمین مامۆستای مرۆڤ لە داهێنانی پۆشاکدا ئاژەڵانن، مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بەهێز بکات و مەترسی مانەوە لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، خۆی بە ئاژەڵ بەراورد کردووە و ئاژەڵیشی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک سوودی لێوەربگرێ لە پێناو مانەوەی خۆی. لێرەوە بیرۆکەی راوکردن،ماڵیکردن و دەستەمۆکردن دێتە پێشەوە کە هەموو ئەمانە بیرۆکەیەکی ئەقڵی لە پێشینەی مرۆڤن کە لە رێگەیەوە توانیویەتی دەست بەسەر دونیای دەوروبەری خۆیدا بگرێ، لێرەوە دەردەکەوێ کە ئیتر غەریزە (رەمەک)ە ئاژەڵییەکان دەست بەسەر مرۆڤدا ناگرن، بەڵکو مرۆڤ بیر دەکاتەوە، لە ئێستا و داهاتووی؛ ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری پۆشاک و جلوبەرگ بکەین بیرمان دەکەوێتەوە کە مرۆڤ دەیەوێ وەک ئاژەڵ بەرگەگر بێ لە ناو سروشت و لەژێر هەڕەشەکانی سروشتدا. کەواتە مرۆڤ تەنیا گیاندارێک نییە، بەڵکو وێستگەیەکە بۆ لێوە فێربوون، کەواتە پۆشاک هەر تەنیا ئەو

sjh@univsul.edu.iq

مەتریالە نییە کە ئیدی لەبەری دەکەین بەڵکو بەرهەمی ئەو خۆ بەراوردکردنەی مرۆڤە لە ترسی ئەو هەڕەشەیەی لەسەری بووە، ئەمەش بووەتە سەرچاوەی فێربوون و بیرۆکەی بنەمای پۆشاک لێرەوە دەبێتە داهێنانی مرۆڤ وەک خۆداپۆشین بە گەڵا وەک لە ئەفسانەی ئایینە تاکخوداییەکاندا باسی لێوە دەکرێت؛ ئەو گەڵایەی کە ئادەم و حەوا خۆیانیان پێ داپۆشیوە، ئەم هەڵەیەی کە ئادەم و حەوا کردیان بووە هۆی ئەوەی کە ئەقڵیان چالاک بێت و درک بە ڕووتییان بکەن و جەستەی خۆیان داپۆشن، دوای ئەوە مرۆڤ دەگاتە ئەوەی ئاژەڵیش بکاتە سەرچاوەی بەدەستهێنانی پۆشاک و پێستە و مووی ئاژەڵ بەکاربهێنێ لەمەوە دەتوانین لە بیرۆکەی پۆشاک تێبگەین نەک هەر لە زاراوەی کوردیدا بەڵکو لە تەواوی مرۆڤایەتیدا.

**-مانا و ئاماژەکانی پۆشاک:**

دەتوانین بڵێین یەکەمین شت کە پۆشاکی سەپاندووە بەسەر مرۆڤدا کەشوهەوا و ئەو ژینگەیە بووە کە مرۆڤ تێیدا ژیاوە، کەواتە پۆشاک بەشێوەیەکی نا ئاگایی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەیە، لێرەوە پۆشاک وەک بەشێکە لە نەریتی گەلان، هەموو گەلێک شانازی بە ڕەسەنایەتی جلوبەرگی خۆی دەکات و ڕەنگدانەوەی لایەنی جوگرافی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێ کە تێیدا دەژی. لێرەوە پۆشاک تایبەتمەندییەکی مانادار دەداتە سەرجەم گەلان.

جلوبەرگ شوێنی بایەخی کولتوورەکان، کۆمەڵگاکان و تاکەکەسەکانیش بووە، هەمیشە بایەخدراوە بە شێوە و فۆرمی جلوبەرگ، چونکە کاریگەری لەسەر کەسایەتی مرۆڤ و خودی کەسەکەش هەیە، لەبەر ئەوەی پۆشاک ڕەنگدانەوەی خودی مرۆڤە، ئەم کاریگەرییە دەروونییە-بوونگەراییە کە لەسەر تاکەکەس دروستی دەکات لای ئافرەتان و پیاوانیش کاریگەرییەکە هەستی پێدەکرێ، بەڵام لە لای ئافرەت کاریگەرییەکەی زیاترە و هەر لە کۆنەوە جلوبەرگ شوێنی بایەخپێدانێکی گەورەی ئافرەت بووە، بەڵام لە دوای شۆڕشی پیشەسازی سەدەی ١٩ بەتایبەت لە سەدەی بیستەمدا لەلای پیاوانیش جۆری جلوبەرگ و شێوەی بەژن و باڵای جەستە کە بەرزە یان کورتە زیاتر لە پۆشاکدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، چون وایکردووە جوانتر و ڕێکتر دەربکەوێت و تەنانەت ببێتە هۆی داپۆشینی کەموکورتییە جەستەییەکانی کەسەکانیش.

جلوبەرگ یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیان هاوشێوەی (خواردن و خواردنەوە، شوێنی نیشتەجێبوون، زمان)، ئەمیش وەک بەشێکە لە پێویستییە سەرەکییەکان و مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت پێناسی خۆی لە چوارچێوەی پۆشاک و ئەو جلوبەرگەی کە دەیپۆشێ بکات و ئەوانی دیش لەسەر ئەو بنەمایە بیناسنەوە. لێرەوە دەتوانین ئاماژە بە سێ هۆکاری سەرەکی بکەین کە وایکردووە پۆشاک ببێتە پێویستیی مرۆڤ و لە میانەیەوە بناسرێتەوە:

یەکەم؛ ئایین و بیروباوەڕ کە واتای داوە بە پۆشاک، دووەم؛ ژینگە، سێیەمیان کولتوورە، هەر یەک لەم هۆکارانە پرکەرەوەی ئەرکێکن کە پۆشاک پێی هەڵدەستێت.

**یەکەم/ هۆکاری ئایینی:** لێرەدا مەسەلەی نەفیکردن و ڕەتکردنەوەی جەستەیە لە ئایینەکاندا، دەتوانین بڵێین لە کۆی هەموو ئایینەکاندا جەستە، بە سەرچاوەی (نحس) بەدبەختی و نەگبەتی و خراپ یان دزێو دەزانرێ، کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەوەی کە ئێمە نەوەی ئادەم و حەواین و ئەوانیش گوناهـ و خەتایان کردووە، ئەم خەتایەش لەسەر ئێمە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی تۆبە دەکەین.

**دووەم/ هۆکاری ژینگە:** ئەم هۆکارەش پەیوەستە بەوەی کە مرۆڤ ویستی مانەوەی لە ڕێگەی پۆشاکەوە دەرخستووە کە بوونەوەرێکە دەیەوێ بمێنێتەوە بۆ ئەمەش پێویستی بە خۆگەرمکردنەوە و ئاگا لەخۆبوون لە جەستەی خۆی هەیە، لەم قۆناغەدا مرۆڤ خۆی لە بیرۆکە ئایینییەکە تێپەڕاندووە (تجاوز)، بەوەی پێویستە جەستە

sjh@univsul.edu.iq

داپۆشرێ نەک لەبەر ئەوەی کە گوناهکارە، بەڵکو هۆکاری دروستبوونی پۆشاک لە ڕوانگەی ژینگەوە دەوترێت کە جەستە پێویستە بپارێزرێ، کەواتە بۆ ئەوەی لەناو نەچێ و بمێنێتەوە و نەبێتە قوربانی بیرۆکەی مانەوە دروست بوو، ئەم بیرۆکەیەش پەیوەندی بە داهاتوو و تێگەیشتنی تایبەت بە زەمەنەوە هەیە، واتە تێگەیشتنی تایبەت دەربارەی کات.

**سێیەم/ هۆکاری کولتووری:** لێرەوە سەردەمی خۆ جیاکردنەوەی کولتوورەکان، هەر یەک بە شێوازی خۆی داهێنەری پۆشاکەکانی خۆیەتی کە لەمەوە دەتوانین بڵێین ئەو پۆشاکانە لە ڕێگەی جیاوازی نێوان خۆی و ئەوانی دی دروست دەکات، بەمەش خۆی لە هەموو نەتەوە نەریتی و نەتەوە کۆنەکان و سەرجەم کولتوورە ڕەسەنەکاندا دەبینێتەوە، ئەم جیاوازیەش ڕۆڵی هەیە لە پێناسەکردن و بەخشینی شوناس بە هەموو کولتوور و وردە کولتوورەکانیشەوە.

**لەم ڕوانگەیەوە دەبینین کە کولتووری کوردیش،** یەکێکە لە کولتوورە دێرین و ڕەسەنەکان و میللەتێکی نەریتییە کە لە خۆیدا چەندین وردە کولتووری پۆشاک و جلوبەرگی هەیە کە ئیلهامی لە کەشوهەوا و سروشتی کوردستان وەرگرتووە وەک هەر نەتەوەیەکی وەکو( ئازەر، ئەرمەن، جۆرجی، فارس، تورک..تد)، لێرەوە دەبینین کە ئەو جلوبەرگەی کە ئافرەتی کورد لەبەری دەکات ئاماژەیە بۆ جوانی سروشتی کوردستان و هەستی نەتەوەیی و پابەندبوون بە نەتەوەکەی دەجوڵێنێ.



**هارمۆنیی پۆشاک و سروشتی کوردستان**

لێرەدا چەشنی جلوبەرگ لە ڕەنگ و پۆشاک وەکو بەرگ بۆ جەستەپارێزی بەکارهاتووە، دواتر بۆتە ڕەمز و هێمایەک بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان؛ لەمەوە تایبەتمەندیی جلوبەرگی ئافرەتی کورد لە ڕووی کوتاڵ و ڕەنگی گوڵی وەک (نارنجی. زەرد، سوور و پەمەیی و ڕەنگەکانی دیکە)، کە ڕەنگی کراوە و بریقەدار و زەق بوون ، دەریدەخات کە سەوزایی و هەڵکەوتەی جوگرافی و هەمەچەشنی ڕەنگی درەخت و گژوگیا کاریگەری هەبووە لە دیاریکردنی ڕوانگەیەکی جیاواز و تایبەتمەندیی کوردییانە بۆ پۆشاکی ئافرەتی کورد.

لێرەوە دەبینین پۆشاک مانای خۆی هەیە لە کولتووری کۆمەڵگادا، چونکە جگە لەوەی پۆشاک پارێزەر و داپۆشەرە بەهەمان شێوەش ئاشکراکەرە، واتە لە ئاستی کولتووریدا مرۆڤ لە ڕێی پۆشاکەکانیەوە خۆی ئاشکرا دەکات، لە

ڕێگەی (ڕەنگ، سەلیقە و زەوق و چەشە و چێژی) خۆی، لە هەموو ئەمانەشەوە ئەقڵی خۆشی نیشان دەدات، چونکە پۆشاک ڕەهەندێکی ئەندازەیی (هەندەسی)و دیزاینیشی هەیە، کە پەیوەندیشی هەیە بەوەی مرۆڤ چۆن بیردەکاتەوە لە داهێنانەکەیدا، وەک دەزانین داهێنان لایەنی ئەقڵیشی تێدایە ئەویش (ئەندازە-هەندەسەی) پۆشاکەکە چۆنە؛ ئەمەش واتە جۆری پۆشاک و هەڵبژاردنی کواڵێتی پۆشاک و شێوازی دوورین و هەندەسەی شێوەی پۆشاک هەموویان تێیدا بەشدارن، سەرباری ڕەنگ و جۆری کوتاڵ ئەو شتانەی تیایدا بەکاردەهێنرێ، هەموو ئەمانەش لایەنی ئەقڵی مرۆڤ دەردەخات و مانا دەبەخشێت بە مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، کە بەشێکی داپۆشینە بەشێکیشی بەدیارخستن و خۆ نواندن و خۆ نمایشدان و ئاشکراکردنە، لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین پۆشاک هەر بۆ داپۆشین نییە بەڵکو ئاشکرامان دەکات، واتە تەنیا دەرگایەکی نییە بەرەو ناوەوە بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆمان و ئەو مەترسییانەی کە هەمانن لە ئاست لە ناوچوون و ڕەقبوونەوە و سەرمابوون، بەڵکو دەرگا و دیوێکیشە بەرەو دەرەوە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین خۆمان نمایش بکەین بە ئەوانیتر و بڵێین ئێمەش هەین و بەو جۆرەین ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە. پۆشاک مانا و واتای ئەوەیە کە هەمیشە جەستە دەکاتە بابەتی خۆی کە داپۆشینی جەستە دەکاتە ئەرک یان وەزیفەی خۆی دواتر پاراستنی جەستە و پاشانیش ڕازاندنەوەی جەستە، ئەمە سەرباری بوونی مانای پۆشاک و پەیوەندی بە کولتوورەوە؛ بۆیەش دەبینین پۆشاک نەک تەنیا بە پێی ژینگە و ژینوارە جیاوازەکان دەگۆڕێ لە ناوچە سارد و گەرمەسێرەکان کە ژینگە دەیسەپێنێ، بەڵکو کولتوورە جیاوازەکانیش جیاوازیان هەیە کە بوونەتە بەرهەمهێنانی پۆشاکی جیاواز، جا ئەو هۆکارە ئایینی بێ، ژینگەیی بێ یان کولتووری بێ.



پۆشاک بەشێکی گەورەی کۆمەڵگا پڕ دەکاتەوە، چونکە لە ڕێی پۆشاکەوە دەتوانین لە زمانی جەستەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی تێبگەین، کەواتە پۆشاک فرە ئاماژەیە، بە پێی ناوچەی جوگرافییە جیاوازەکانەوە دەتوانی لە زمانی جەستەی مرۆڤ بگەین بەهۆی جوڵە و لەنجە و ناز و ئەو پەیامەی کە جلوبەرگ لە چوارچێوەی جەستەی مرۆڤ و کولتوورەکەی و ئەو دیدگایەی مرۆڤ هەیەتی، کە دەربڕی بیرکردنەوە و چەشە و سەلیقەی کەسەکەیە، واتە بەو ئاماژانەی کە پۆشاک هەیەتی دەتوانی پەیامی پشتی بیرکردنەوە و ئەو ئامادەییە وەربگرین کە جلوبەرگ دەیبەخشێت، چونکە جلوبەرگەکان فەرمکارکردن (Function)، چونکە ڕۆڵیان هەیە لە ڕاییکردنی ئیشوکارەکانی ژیانی ڕۆژانەی

sjh@univsul.edu.iq


مرۆڤی کورددا، بۆ نموونە پشتێن ئاماژەیە بۆ کەماڵی(تەواوکاری) بەهۆی ئەو بازنە ڕەمزیەی کە دروستی دەکات، واتە جۆرێ لە بڕوابەخۆبوون، لە هەمانکاتدا دروستکردنی سەنتەرێک لە نێوان بەشی خوارەوە و بەشی سەرەوەی جەستە دروست دەکات، ئەم تەرزە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پارێزراوە، کە پانە، کەواتە هەر بەشێک نییە لە خۆڕازاندنەوە، بەڵکو بە قەت ئەوە ئاماژەیەکیشە بۆ جۆرێک لە باوەڕبەخۆبوون و خود سەنتەری، هەروەها ئەرکی دیکەشی هەیە بۆ نموونە بۆ شت پێهەڵواسینیش بەکاردێت، سەرباری بەکارهێنانی وەکو گیرفان..چەندان ئەرکی دیکە، بۆیە دەبینین جلوبەرگی کوردی فرە ڕەهەند و فرە کارکردە، ژنی کورد بەو جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگە ئەوە دەبەخشێتە بەرامبەر کە ژیاندۆستە و ئامادەیی هەیە دڵی ئەوانی دیکە خۆش بکات، بە پێی ئەو ڕۆڵەی هەیەتی لە کۆمەڵگادا، جا ئەو ڕۆڵە چ وەک دایکایەتی و شیردان و شێوەی دانیشتن و کاری چێشتخانەو چەندین لایەنی دیکە، کە ئەمە لە ڕووی دوورین و شێوازی دیزاین کردنەوە پەخشکراوە، سەرباری ڕەنگەکان کە مانا دەبەخشنە کۆمەڵگا و کولتوورەکەی، بۆ نموونە دەبینین لە ڕووی دەروونییەوە ڕەنگی سوور هێمای هێز یان متمانەبەخۆبوونی زیاتر دەنوێنێ بەو کەسە یان ڕەنگی شین کە ڕەنگدانەوەی هێمنی و ئارامی کەسەکە نیشان دەدات یان دەبینین ئەو کەسەی حەزی بە شینە لە ڕووی کەسایەتییەوە هێمن و لەسەرخۆیە، کە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ بە هەمان شێوە ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر نەتەوە و کولتوورەکانیان؛ بۆیە پۆشاک وەک کلیلی نەتەوەیە یان ئەو شارستانیەتەیە، لەبەرئەوەی بەڵگەی یەکەمی شارستانییەت یا دەرکەوتنی کولتوورەکان پۆشاکە، چونکە بەر لە هەر شتێ ئەوە چاوە سەیری فۆڕم یا ڕووخساری تاکەکانی نەتەوەیەک یا شارستانییەتێک دەکات، بۆ نموونە، کورد بەر لە زمانەکەی ببیستی تەماشای جلوبەرگی دەکەی کە جۆری ژیانی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری نەتەوەکە دەردەخات.

بۆیە دەبینین ئەم ئاماژانە لە جلوبەرگی خانمانی کورد لە کەسانی بە تەمەن لەگەڵ کەسانی گەنج و تەمەنی خوارتر شێوە و ئاماژە و مانای جیاواز دەبەخشن. لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە کە جلوبەرگی ئافرەتی کورد بە جۆرێک تایبەتمەندی و مانای هەیە و گرنگە لە کۆندا لە کاتی بوونی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان دوو بنەماڵە کاتێک ژنێکی بەتەمەن هاتۆتە نێوان دوو بنەماڵە دوژمندارەکە بە جۆرێک ڕۆڵی هەبووە لە دامرکاندنەوەی ئاگری شەڕ و ناکۆکییەکان، کاتێ دەسماڵی فڕێ داوەتە نێوان هەردوو لایەنی دژیەک ئەوا کەس بۆی نەبووە قسە بکات و بە بێ هیچ قەیدێک شەڕەکە وەستاوە، ئەمەش نیشانەی ڕێز و مانا و ئاماژەی گرنگی پۆشاکی ئافرەتی کورد دەگەیەنێ.

**تەوەری دووەم/ شێوازی پۆشاکی ئافرەتی کورد:**

هێنی هارۆڵد هانسن لە کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد)دا دەڵێ: "ئادگاری ئافرەتی کورد لە جلوبەرگ و لە خشڵ و زیوەر و لە جوانی شارستانێتی خۆیدایە. (هانسن، و:گەردی، ١٩٨٤، ١٥٧) جلکی ئافرەتان هەیە لە ڕووی شێوە و پێکهاتنەوە لە ڕەگەزی ڕەسەنی کوردییە"، ئەو جلوبەرگە ڕەنگاوڕەنگەی کە ژنی کورد لەبەری دەکات، ئاماژەیە بۆ جوانی سروشتی کوردستان، دەبینین کە ئەم ڕەنگدانەوەیە لە سروشتی کوردستانا دەیبینین و دەیگوازنەوە بۆ خۆیان، هەروەها ئەو سروشتە چەندە سەلیقە و کاریگەری هەیە لەسەر هەست و نەستی ئافرەتی کورد، ئەوەندەش ئەم چەشە و سەلیقەیە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕەنگەکانی جلوبەرگی کوردی. بۆیە دەبینین کە فۆڕم و ئادگاری جلوبەرگی ژنانی کوردی لە ڕووی دیزاین و هەڵبژاردنی ڕەنگەکانەوە ئاماژەیە بۆ جۆری ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە یا ئەو کولتوورە، ئەم لایەنەش خۆی دەبینێتەوە لە سێ ڕەهەنددا: ئەویش، ڕەهەند و دیدی جوانناسی و کولتووری و لایەنی

ئابووری سەرباری لایەنی کەشو هەواش؛ بۆیە دەبینین کە پۆشاک و جلوبەرگی خانمان فرە ڕەهەندە و ئاماژەیە بۆ جوانی و ناسکی و نەرم و نیانی و میهرەبانی، بەڵام بۆ پۆشاکی پیاوان دەشێ ئاماژە بێ بۆ جوامێری، هێز، ئیشکردنی بەردەوام و جۆرێک لە زبری و ڕەقی. سەرباری ئەمە دیزاین و لایەنی ئەندازەیی پۆشاک پەیوەندی هەیە بەوەی کە مرۆڤ چۆن بیر دەکاتەوە لە داهێنانەکەیدا، چونکە داهێنان لایەنی ئەقڵی مرۆڤە واتە جۆری پۆشاک و هەڵبژاردنی کواڵیتی پۆشاکەکە و شێوازی دوورین و ئەندازەیی شێوەی پۆشاک هەموویان بەشدارن، ئەمانەش مانا دەبەخشن بە مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا، بەشێکی داپۆشینە بەشێکیشی نیشاندان و خۆ نواندن و نمایشکردن و ئاشکراکردنیشە. ئەمە جگە لەوەی کە جلوبەرگی خانمانی کورد بە جۆرێک ڕەنگڕێژە، دەبینین کە ئاوەڵکراس ڕەنگێکە، کراس ڕەنگێکە، سوخمە (ئێلەگ) ڕەنگێک و دەسماڵ ڕەنگێکی دیکە و کۆڵوانەش رەنگێکی دی، (پیرەمێرد)ی شاعیر لە نووسینێکی لە ڕۆژنامەی (ژین و ژیانەوە)دا باس لە جلوبەرگی خانمانی کورد دەکات و دەڵێ سەروکڵاوی ژنی کورد لە کۆندا هەشت (ئۆقە) بووە، واتە ئەوەندە قوڕس بووە، چینی هەژار بۆ ئەو سەروکڵاوانە لیرەی زیویان بەکارهێناوە، کە پینج (٥) لیرە بووە و بەدەوریشیا لاگیرەی زیویان بەکارهێناوە، سەرباری ژێرچەنە کە زەنگیانەی ڕەنگاوڕەنگ بووە، بەڵام دەوڵەمەند و بەگ و میرەکان لیرەی زێڕ(ئاڵتونیان) بەکارهێناوە، لەپاڵ جلوبەرگی کوردیدا ئافرەتانی کورد، چەندین بابەتی دیکەی جوانکاری و خۆڕازاندنەوەیان بەکارهێناوە وەکو خەنە و توێکڵی گوێز بۆ لێویان تا ڕەنگی ئاڵ بێت بەتایبەت لە کۆندا لە کاتی بووکگواستنەوە. سەرباری بوونی تارای بووکێنی کە ڕەنگی سووریان بەکارهێناوە بە مەبەستی ئەوەی ڕوو سووری دنیا و قیامەت بێ، بەڵام لە ئێستادا ئەم تارا سوورە تەنها لە خەنەبەندان بەکاردێ، بۆ ڕۆژی بووکێنی تارای سپی دەپۆشن. ڕەگەزەکانی جلوبەرگی کوردی بریتیین لە (کراس، ژێرکراس، ئاوەڵکراس، سوخمە، ئێلەگ، سەڵتە، کەوێ، کۆڵوانە، چارۆگ، دەسماڵ، کڵاو، سەرپۆش، کورتەک، هەنیەپێچ، کە لەژێر سورپۆش کراوە، پشتێن، سەربەست، پێڵاو، پوشین)، جۆری کوتاڵەکانیش (مەخمەڵ، چیت، جورجێت، کودەری، ئارمووش، ئارمووشی دەستکرد)، سەرباری بابەتەکانی جوانکاری و خشڵی وەک (ژێر چەنە یان کرمەک، تۆقەی فێز کە دەسماڵی پێ دەبەسترێ، گۆبەرۆک کە لە لێواری سوخمە دەدرێ، گوڵ یەخە، گەردانەی جەوهەرداش و گەردانەی زیو، لاگیرە کە زنجیرە قایشێکە و لە سەروبەست قایم دەکرێ، گوارە و بازن و خڕخاڵ و بەرموودە و ملوانکە، خەزێم(لووتەوانە) کەمەرە و هەیاسە)، زۆر و کەمی ئەو پارچە بەرگانەش، بەپێی سارد و گەرمی وەرزی ساڵ و ناوچەی جوگرافی و نەریتی ناوچە و هۆز و خێڵەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، جیاوازی جلوبەرگی ئاغا و شێخ و گەورەی بنەماڵەکان لە جۆری لەبەرکردنی پۆشاکەکە نییە، بەڵکو لە جۆری کوتاڵەکەدایە.

sjh@univsul.edu.iq

**تەوەری سێیەم/ پۆشاک لە نێو شوناسی نەتەوەییدا:**

مانوێل کاستێل پێیوایە کە شوناس وەک پرۆسەی دروستبوونی مانا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکی کولتووری یان دەستەیەک تایبەتمەندیی کولتووری کە باڵادەستیان بەسەر سەرچاوەکانی دیکەی مانادا هەیە، واتا دەبەخشێت، وەک چۆن ڕۆڵەکان ئەرکەکان ڕێکدەخەن، شوناسەکانیش مانا ڕێک دەخەن.(گوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧، ٢٢٤)، وەک لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوەکرد کە ڕاستە ئەرک و وەزیفەی سەرەکی جلوبەرگ خۆداپۆشینە، بەڵام مانا و ئاماژەی زۆری هەن بۆ جوانی و دروستبوونی هەستی پابەندبوون و ئینتیما لای مرۆڤ؛ بە جۆرێک کە هەست بە شوناسی خۆی بکات وەکو مرۆڤ، وەک تاکێکی خاوەن کولتوور و مێژوو، کە ئەمەش بەرزدەبێتەوە بۆ شوناسی نەتەوەیی، چونکە پۆشاکی نەتەوەیی، تا ئاستێکی بەرز مانا بە کاراکتەری مرۆڤ دەبەخشێ، ئەوەش دەریدەخات کە هەستی پابەندبوون لای تاک بە گشتی و تاکی کورد بەتایبەت بوونی هەبێ، ئەمەش ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ وابەستەبوون بە پرسی نەتەوەیی، ئەگەر بێتوو مرۆڤ جلەکانی خۆی توڕبدا و بەو ڕەنگ و فۆرمە دەرنەکەوت کە ڕەنگی ژیان و کولتوورەکەیەتی ئەوا جیاوازی نامێنێ لەگەڵ کولتووری ئەوانی دیکە، چونکە مرۆڤ کاتێ بەرەو جوگرافیایەکی دیکە دەچێت، یەکەم شت کە سەرنجی دەکەوێتە سەر لایەنی عیمرانی و ئەندازەیی شوێنەکانە، واتە شێوازی دروستکردنی خانووبەرە و شارەکە، دووهەمین شت کە سەرنجی دەبات، جلوبەرگی میللەتەکەیە لەو جوگرافیایەدا، کەواتە لە ڕووی دیداری و بینینەوە، پۆشاک ئاماژەیەکی ڕاستەخۆیە بۆ پرسی ئینتیمایی نەتەوەیی، لێرەوە دەتوانین بڵێین پۆشاک وەکو هێما و ئاماژەیەکی ئەنتۆلۆژی، جۆرێک پێگە و شوێن بە مانا بوونگەراییەکەی دەبەخشێتە مرۆڤ، سەرباری مانا کۆمەڵایەتییەکەی لە چوارچێوەی کولتوورێکی دیاریکراودا، هەموو مرۆڤێک حەز بە بوونێکی کاریگەر و خاوەن پێگە دەکات لەنێو کولتووری کۆمەڵگاکەیدا، بۆیە زۆر گرنگە کە ئافرەتی کورد بە هۆی ڕەنگ و تایبەتمەندیی جلەکانییەوە، ئەم تایبەتمەندییە ئەو پەیوەستی و نزیکییەی نێوان زمان و جلوبەرگ و جەستەی، هەروەها پۆشاکەکەی و مێژوو و کولتوور و هەموو ئەوەی لە خۆیدا شاردوویەتیەوە لەو ڕێگەیەوە پەخش بکات؛ جلوبەرگی ژنانی کورد خۆی لە خۆیدا جلوبەرگێکی ئومێدبەخش و ژیاندۆستە، پڕە لە ژیان و ڕەنگ و فرەیی؛ هەموو ئەمانەش تێرکەری لایەنی سایکۆلۆژیی و ڕۆحی مرۆڤن. بە فەرامۆشکردن و گۆڕینی جلوبەرگی خانمانی کورد ئەم ئینتیما و شوناسە سەبارەت بە ناسینەوەی میللەتان بەرەو کەمی دەچێت، چونکە پۆشاک وەک هێمایەکی گرنگی ئاشکرابوونە، کە دەبێتە هۆی پێناسەکردنی مرۆڤ وەکو تاکێک، سەرباری ئەوەش پابەندبوونی ئافرەتان دروست دەکات بە ڕەوشت و ئەخلاقی تایبەت بە کولتوورەکەی خۆی، ڕەوشتیش بارودۆخ و دابونەریت تەوقی داوە. کەواتە پۆشاک هێمای کولتووری ئەو وڵاتەیە یان ئەو کەلەپوورەیە، کە نیشانە و هەستی نەتەوەخوازی ئەو کەسانە یان کولتووری ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێ. بەتایبەت بۆ گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی وەکو کورد، ئەم ناسنامەیە مانای قووڵتر و بەرزتر پیشان دەدات لە کاتێکدا بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و مەترسی سڕینەوەی شوناسەکەیدایە، بە ناوی ئایین و سیاسەت و خاوەندارێتی هەرێمی لە لایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە، ئەم مەترسییە زیاتر هەژموونی خۆی پەخش دەکات، هەر بۆیە یەکێک لە ڕۆژە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی جلوبەرگ و پۆشاکی کوردییە، لە ١٠ی ئاداری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جلی نەتەوەیی کورد دانراوە و لەسەرجەم دامودەزگا و دامەزراوەکان، ڕێز لە شکۆ و گرنگی و مانای پۆشاکی کورد دەگیرێت لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە.

sjh@univsul.edu.iq

**تەوەری چوارەم/ بەریەککەوتنی کولتووری و ڕەنگدانەوەی لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد:**

بەریەککەوتنی شارستانییەکان (لە کتێبی بەناوبانگی فرانسیس فۆکۆیاما بە ناوی "کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ " (The End of History and the Last Man)دا باسکراوە. فۆکۆیاما ئاماژە بەوە دەکات کە دوای شەڕی سارد و پاشەکشەی یەکێتی سۆڤیەت، دیموکراسی لیبڕاڵ و سیستمی ئابووری کاپیتاڵیستی وەک گەورەترین شێوازی بەریەککەوتنی شارستانییەت دەرکەوتووە( the national Inters magazine, 1998 ). لەبەرامبەر ئەوەدا دەبینین کە زانای سیاسی ئەمریکی (سامویل پی هەنتینگتۆن) ئاماژەی بەوە دەکات کە ململانێی داهاتوو نەک لە نێوان وڵاتان ئەنجامدەدرێن، بەڵکو لە نێوان کولتوورەکاندا ئەنجام دەدرێن، هەروەها سامویل هانتیگتۆن ( Samuel Huntington ) لە وتارێکیدا لە ساڵی ١٩٩٣، پێیوایە کە بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان" تێزێکە کە ناسنامەی کولتووری و ئایینی خەڵک سەرچاوەی سەرەکی ململانێیەکە دەبێت لە جیهانی دوای جەنگی سارددا ,foreign affair magazine) (1993. سەرباری ئەوە هەنتینگتۆن پێیوایە لە کاتێکدا سەردەمی ئایدۆلۆژیا کۆتایی هاتووە، جیهان تەنیا گەڕاوەتەوە بۆ دۆخێکی ئاسایی کە بە ململانێی کولتووری تایبەتمەندە، هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە تەوەرێکی سەرەکی ململانێ لە داهاتوودا بە درێژایی هێڵە کولتوورییەکان دەبێت.

ئەگەر بێتوو لە چوارچێوەی بیردۆز و بیرکردنەوەی هەریەک لەم دوو زانایە وردبینەوە و بیبەستینەوە بە ئێستای واقیعی کۆمەڵگای کوردستانی لە باشووری کوردستان، دەبینین کە جۆرێک لە تێکەڵبوونی کولتووری هەیە، ئەگەر بڕوانین لە چەمکی تێکەڵبوونی کولتووری (Cultural Mixing) بریتییە لە پەیوەندی و تێکەڵبوونی نێوان دوو یان زیاتری کولتوورەکان، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازێکی نوێی ژیان و هۆکارێکی گرنگ بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگا و کولتوور .(Homi K. 1994: 37-54)

ئەم پرۆسەیە دەتوانێت لە ڕێگەی بازرگانی، هاتووچۆی خەڵک، کۆچکردن، تەکنەلۆژیا، هەروەها لە ڕێگەی هونەر و ئەدەبەوە ڕووبدات. ئەم تێکەڵبوونە هەر لە زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مامەڵەی تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانە و بازاڕ و ژن و ژنخوازی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ..تد، دێتە ئاراوە؛ بەم جۆرەش دەبینین کە ئایین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوونی نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئایینییەکان ئەم تێکەڵبوون و بەریەککەوتنە لە حاڵەتێکی ئاساییەوە دەگۆڕێ بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی؛ بەم شێوەیەش ڕەگەزە کولتوورییەکان بەریەک دەکەون و کاریگەری و کارلێک دروست دەبێت لە نێوان ڕەگەزە سەرەکیەکانی کولتوور؛ بەم چەشنەش وردە کولتووری نوێ دێتە ئاراوە کە جێ لەق دەکات بە کولتووری ڕەسەنی کۆمەڵگا، ئا لێرەدا دەبینین کە جلوبەرگ وەک یەکەمین دەرکەوتە یان یەکەمین کلیلی هەر نەتەوەیەک یان وەک ئێتنییەکی جیاواز یان شارستانییە، چونکە بەڵگەی یەکەمی شارستانی یان یەکەم دەرکەوتنی کولتووری پۆشاکە، چونکە یەکەم شت چاوە سەیری شێوە و فۆرم یان ڕووخساری تاکەکانی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک یان شارستانییەتێک دەکا، بۆ کوردیش جلوبەرگی کوردی گوزارشت لە نەتەوەکەی دەکات، بەر لەوەی گوێ زمانەکەی ببیستێ کە زمانی کوردییە، دەبینین چاو تەماشای جلوبەرگ و چەشنی دیزاینی ئەو بەرگە دەکات، کەجۆری ژیانی نەتەوەکە و ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە و لایەنی ئیستاتیکای کولتوورەکەشی پیشان دەدات. ئەم جلوبەرگ و پۆشاکەی خانمانی کوردیش سەرباری دەرخستن و ڕەنگدانەوەی نەرم و نیانی بۆ میهرەبانی لەوێشەوە بۆ جوانی و بۆ کەشوهەوای کوردستان و جوانی سروشتی کوردستان تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لە هەر چوارپارچەی کوردستانیش جیاوازییەکە دەبینرێ لەگەڵ یەکتردا، کە

نیشانەی دەوڵەمەندی کولتووری و کەلەپووری کوردییە، بەڵام دەبینین ڕەنگدانەوەی ئەو نەتەوانەشی کە تێکەڵیبوون لە شوێنی ژیان و گوزەرانیان جۆرێک لە گۆڕانکاری و کاریگەری دروست کردووە لەسەر پۆشاکی خانمانی کورد.

بێگومان تێکەڵبوونی کولتووری کاریگەری هەیە و کارتێکراویش دەبێت، دەکرا بەهێزی کولتووری کوردی وە جلوبەرگی کوردی ئەمڕۆ، بۆ نموونە جلی شەرڤانانی کورد لە ئەوروپا و لە زۆر وڵاتان لاسایی ئەکرێتەوە هەروا جلی خۆماڵی کوردیش لە هەندێ وڵاتانی تر بەکاردەهێنرێن، ئەمە لایەنی پۆزەتیڤی هەیە بۆ ناسینی کولتوور و دەوڵەمەندی کورد بە هێما و ڕەمزی کولتووری بە تایبەت لە بواری جلوبەرگدا، بۆیە پێویستە ئێمە بتوانین ئەوە بزانین ئایا لایەنی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤی چییە؟ ئەگەر لایەنی نێگەتیفی هەیە بێگومان ئەگەر نەتوانین بۆشاییەکان پڕبکەینەوە ناچارین خوازە یان ئەوەتا لە کولتووری ترەوە وەربیگرین، ئەمەش ئەگەر نەیگونجێنین لەگەڵ کولتووری کوردیدا زیان و لایەنی نێگەتیڤی زۆری دەبێ لەسەر کاڵبوونەوەی هێما کولتوورییە نەتەوەییەکانی کورد؛ چونکە گۆڕانکارییەکان ئەوەندە خێران زۆرجار وەک دیاردەیەکی سروشتی و تەندروست دەبینرێ. ئەم تێکەڵبوونە پەل دەکێشێ بۆ بەریەککەوتنی کولتووری کە وەک دیاردەیەکی مێژووی و سروشتی خۆی فۆرمەڵە دەکات و کاریگەری لەسەر ئاوێزانبوون و داهێنانی کولتوورەکان دروست دەکات، کە بە جۆرێک سروشتی و مێژووکرد و پۆزەتیڤ دەبینرێ کە زاڵ دەبێت بەسەر ئیرادەی مرۆڤەکانیش. وەک لە بەشەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێکرد وەک چۆن لە ڕووی مێژووییەوە بەردەوام جۆرێک لە گۆڕانکاری ڕوودەدات لە ڕووی ستایل و ڕەنگ و ئەرک و وەزیفەی پۆشاک کە هەر چینەی کۆمەڵگا بە ستایل و جۆرێک پۆشاکی تایبەت دەپۆشن، بەهەمان شێوەش لە پێناوی خۆ جیاکردنەوەی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا هەر خۆی ئەم جیاوازی و تێکەڵبوونە بەڕوونی دەبینرێ؛ ئەم ئاڵوگۆڕی و ئاڵوێرە لایەنی پۆزەتیڤی خۆی هەیە، بەڵام بەو مەرجەی لەسەر شوناسی کولتووریی پۆشاکی خۆماڵی نەکەوێ وەکو جێگرەوەیەکی دانپێدانراوی فەرمی و وەک پۆشاک خۆماڵی سەیر بکرێ، چونکە جلوبەرگ ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیشی هەیە، ئایدۆلۆژیا کاریگەرە بە جلوبەرگ، چونکە کار دەکات لەسەر یەکپۆشی، سەرباری ئەوە ئایدۆلۆژیا فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە بۆ یەکخستن و یەک شێوازی بیرکردنەوە، بۆنموونە زۆر جار لە چەمکی سیاسیدا پێیدەڵێن کوردایەتی، داواکردنی ئازادی و سەربەخۆیی، یەک زمانی.تد. ئەوەی کە لایەنی نەرێنی ئەم تێکەڵبوون و بەریەککەوتنە دەردەخات ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا دروستی دەکات لە جلوبەرگی خانمانی کورددا کە ڕەواج بە جۆرێک پۆشاک دەدات و بازاڕی تایبەتی بۆ دەخولقێنێ کە ئاراستەیەکی نێگەتیڤی هەیە بە ئاراستەی دووركەوتنەوە لە ڕەسەنێتی پۆشاکی کوردی کۆتایی دێت، ئەمەش وادەکات کە ئێمە وەک ئەوەی هەین نەبینرێین، بەڵکو وەک لاساییکەرەوە و مشەخۆر دەربکەوین، ئەمە لە کاتێکدا خۆی مەترسیەکەی دەردەکەوێ کە ئایدۆلۆژیا هەوڵ دەدات شوناسی ئایینی بەسەر خەڵکا فەرز بکات و لە شوناسی نەتەوەییەکە دابیماڵێت، کورد بە درێژایی ١٤٠٠ساڵە میللەتێکە پراکتیزەی ئایین دەکات بە جلوبەرگی میللەتی خۆی کە کوردە هیچ کات نەبۆتە ڕێگر لە ئیمانداربوون و باوەڕداری ژنی کورد، کەچی ئێستا مارکێتینگێک بۆ پۆشاکی باڵاپۆشی دەکات کە زۆر نامۆیە بە هزری کۆمەڵایەتی و دونیابینینی و شوناسی نەتەوەیی و کولتووری کوردی، کە گەنجانی وڵات بوونەتە قوربانی ئەم جۆرە لە ئایدۆلۆژیا ئاینییە کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پلاندارێژەر کاری لەسەر دەکرێ؛ ئەمەش لە نەبوونی هۆشیاری نەتەوەییەکەی و پارتی سیاسی و سیکۆلاری کۆمەڵگاکەی، ئەم پرۆسەیە وایکردووە، ئەوەی بە هەزاران ساڵ جێبەجێ نەبووە، ئەمان بە شەش مانگ جێبەجێی دەکەن و کچانی وڵاتی پێ باڵاپۆش دەکەن، کە ئەمە لەبری شوناسی نەتەوەیی شوناسێکی ئایدۆلۆژیی سەروو نەتەوەیی دەداتێ، بەمەش ئاراستەیەکی نێگەتیڤی کۆمەڵگای ئێمە پیشان دەدات بەرەو داخران و لە قاڵبدانی و

نەهێشتنەوەی جیاوازی و گیانی فرەیی و فرە ڕەنگی؛ بەمەش بەهاکەی لە کۆمەڵگا دەسەنێتەوە لە بری ئەوە یەک ڕەنگی جێگەی دەگرێتەوە کە گوزارشتە لە داخرانی هزری و ڕەشیی ئەو ئایدۆلۆژیایەی بەرەو داخرانمان دەبات، کە کاریگەری زۆری لەسەر نەوەی نوێی کچانی کورد دەبێت، کە دواجار بازاڕێک بۆ ڕەواج پێدان بەم جۆرە جلوبەرگە ئایدۆلۆژییە دەکاتەوە، کە دووری دەخاتەوە لە نەریتی پۆشاکی ڕەسەنی کوردی وەک ئەوەی هەیە نەبینرێ و وەک لاساییکەرەوەیەک و مشەخۆرێک ببینرێ و مەترسی هەژموونی ئایدۆلۆژیای ئایینی و شوناسی ئایینی بەسەردا فەرز بکات، بەجۆرێک پێیدەگوترێت پرۆژەی داشۆرینی میللەتانی ژێردەست لە کولتووری خۆیان و کاڵکردنەوە و تواندنەوەی لە ناو فەرهەنگی باڵادەست، کە ئەمە نابێتە هۆی ئیماندارتربوون و داوێنپاکتر بوون و داییکبوونتر.

**تەوەری پێنجەم/ مۆدێرنە و کاریگەری لەسەر پۆشاکی ئافرەتی کورد:**

مۆدێرنیتە(modernity)-، بەو ئەزموونەی ژیان دەگوترێت کە تێیدا سیستەمەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری، جوانناسی و هزری بە ئەقلانی دەبن و بە ئەقلانیبوونی بەڕێوەبردن، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سیما دیارەکانی دەبن.

نوێگەری پرۆسەیەکە پشت ئەستوورە بە سوودوەرگرتنی ئەقلانیانە لە سەرچاوەکان بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ.

مۆدێرنە وەک بابەتێکی خوازراو و چاوەڕوانکراو لێیدەڕوانرێت. چونکە دەوەستێتە سەر گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاکاندا، ئەمەش زیاتر لەو کۆمەڵگایانە بەرجەستە دەبێ کە جۆرێک لە کرانەوەیی بەخۆیانەوە دەبینن و ئامادەگی وەرگرتنی نوێگەری و بابەت و ڕەگەزی کولتووری نوێی هەمەچەشنن، بۆیە دەبینین زۆرجار لە ڕێی زانست و زانیارییەوە شتی تازە دێتە نێو کایەکانی کۆمەڵگاوە؛ کە زۆرجار کاریگەری لەسەر زمان و بیرکردنەوە و جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش دروست دەکات. ئەمە بابەتی کاریگەر و کارتێکراوە وەک لە بەشی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد. لێرەوە دەبینین کە مۆدێرنە وەک پرۆسەیەکی ئەقلانی و زانستی لە شێوەی بەرجەستە و ڕوون کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر جلوبەرگی ئافرەتانی کورد، ئەم کاریگەرییە تەنها لەسەر کورد نییە، بەڵکو پرۆسەی چوونە نێو جیهانی ئەوەی پێیدەگوترێت (گلۆبالیزەیشن)، کە سنوورەکان دەبڕێ و جیهان دەکاتە گوندێکی بچووک، ئەم کاریگەرییە لەسەر سەرجەم نەتەوە و کولتوورەکان جێدەهێڵێ، ئەمەش زۆرجار وەک گۆڕانکارییەکی گەورە و قبوڵکراو دەبینرێ لە چوارچێوەی دیزاین و شێوازی جلوبەرگ بۆ پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵگا، کە ئەمە بڵاودەبێتەوە بە وڵاتان و جیهاندا بەتایبەتی لە سەردەمی پۆست مۆدێرنە کە هەمان درێژکراوەی مۆدێرنەیە، بەڵام سەردەمی گلۆبالیزەیشن تێکەڵبوونی کولتوورەکانی زیاتر کردووە، دەبینین کە پۆشاکی ئافرەتانی کوردیش لە ڕووی دیزاین و ڕەنگ و شێوازەکەی گۆڕانکاری خێرا بەخۆیەوە دەبینێت، هەرچەندە لەبەرامبەر ئەوەدا هەوڵێکی دیکەش هەیە کە بە پێچەوانەی ڕەوتی مۆدێرنەوە؛ پێیوایە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆن و بەشێوەی ڕەسەنایەتی پێشوو پۆشاکی خانمانی کورد لەبەر بکرێت و بپۆشرێت. ئەگەرچی ڕەوتی مۆدێرنە لە پۆشاکی پیاوانی کوردیش بەدیدەکرێ، بەڵام لە پۆشاکی ئافرەتانی کورددا دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە وەک چۆن مۆدێرنە و گلۆبالیزیشن(جیهانگیری) و پۆست مۆدێرنە کاریگەری لەسەر هزر و بیری مرۆڤەکان هەروەها جۆری ژیان و پەیوەندییەکانیان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان جێدەهێڵێ؛ بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر دیزاینی شارەکان و سەرشەقام و تونێڵ و دیزاینی خانووبەرە جێهێشتووە بە ئەندازەی زیاتریش لەسەر پۆشاکیش جێدەهێڵێ ، بەڵام کاریگەرییەکە نەکەوتۆتە سەر

sjh@univsul.edu.iq

تایبەتمەندێتی پۆشاکی ئافرەتی کورد کە پێی نەناسرێتەوە، تەنیا کاریگەری لەسەر مۆدێلەکان وەک پێشکەوتنی جلوبەرگ جێهێشتووە. لەم ڕوانگەیەوە جێی ئاماژەپێکردنە کە ئێستا پۆشاکی خانمانی کورد لە چوارچێوە لۆکاڵیەکەی خۆی دەرچووە و بەرەو گلۆبالیزایشن هەنگاوی ناوە، کە لێرەدا دوو نموونەی زەق دەبینرێ لە بە مۆدێرنبوونی پۆشاکی خانمانی کورد کە لە لایەن دوو خانمی دیزاینەری پۆشاکی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەوانە (ئێچ. ئێڵ. دیزاین-H. L. design) براندی جلی کوردی خانمانە کە خانمی کورد (هەوار محەمەد سدیق)ە ، هەروەها خانمێکی دیزاینەری دیکە بواری نمایشی پۆشاک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نمایشی دیزاینەکانی دەکات بە ناوی (لارە دزەیی)، کە تا ئێستا چەندین نمایشی جلوبەرگی خانمانی کوردی کردووە لە وێنەی وڵاتی وەکو فەرەنسا، لێرەدا دەبینین کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەم کاریگەرییە لە ڕێی تەکنەلۆژیای زانیاری و دیداریی وەکو (تەلەفزیۆن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان) کە ڕۆڵێکی ئیغراکەریان بینیووە کە لە ڕێوە ئەو بەشەی مرۆڤ چێژی لێدەبینێ بەدەستدەهێنێ یان پڕ دەکاتەوە، ئەوەی جۆرێک لە خۆ نمایشدان و ڕەواجپێدان بەهەندێک مۆدێل و شێواز کە هیچ پەیوەندییان بە شوناسی نەتەوەیی و پۆشاکی ژنی کوردەوە نییە لەو شوناسەدا، کاریگەری پۆشاکە هاوردەکان لەسەر پۆشاکی کورد بە دیتێڵ و وردییەوە تێگەیشتنە کولتوورییەکانی کورد لەسەر خۆی دەخاتەڕوو بە پۆشاکێک کە تەنیا بۆ نمایشدان و سەرنجڕاکێشی کاتییە واتە ڕواڵەتییە بەهۆی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە لە میدیاوە زاڵ بووە، ئەمە زیاتر لایەنی ڕواڵەتی نمایشییە نەک گوزارشتکردن لە خود، یان دەرخستنی شوناسێک کە دەتوانێ جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئەوانیدیدا بکات. کە ئەمەش وادەکات ژنانی ئێمەی کورد ئەم ڕواڵەتی و ڕواڵەت نمایشکردنە ببێتە بەشێک لە خۆیان لە پێناو ڕاییکردنی دڵ و نیگای نێرینەیی پیاوان، کە هیچ گوزارشت لە شوناسی ڕاستەقینەیی خۆیان ناکات، بە جۆرێک کە زۆربەیان دەکەونە نێو تۆری لاساییکردنەوەی ئەم شەپۆلەی بە ناوی مۆدێرنەوە پیشان دەدرێت وەک جۆرێک لە پرۆسەی گلۆبالیزەیشن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

دەکرێ بڵێین کە سادەترین پێناسەی نوێگەری بریتییە لە گواستنەوەی کۆمەڵگای تەقلیدی(نەریتی) بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن؛ مۆدێرنیتە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی فرەڕەهەند و درێژخایەنی عەقلانییە، ئەگەرچی مۆدێلێک و قالبێکی دیاریکراوی نییە، تاوەک نموونە بناسرێت و هەموو پرۆسەیەکی مۆدێرنە لە هەر شوێن و زەمەنێکدا کۆپی ئەم نموونەیە بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا چوارچێوەیەک هەیە کە ڕەهەند و بنەماکانی مۆدێرنە لە خۆدەگرێت. ئەوانیش بە گشتی دینامیکی ناجێگیری، عەقلانیەت، فرەڕەهەندی و دوورمەوداییین، مۆدێرنە وەک پرۆسە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەکانی ناو پرۆسەی نوێگەری ئەرێینی(positive) بن، باشترین بەڵگەش ئەو ڕەخنە بەرفراوانەی خودی بیرمەندانی خۆرئاوایە لە نوێگەری وەک بەرهەمهێنەری بیری نازیزم و فاشیزم و خولقێنەری جەنگی جیهانیش، هاوکات نوێگەری وەک قۆناغێکی دیاریکراویش لە ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگاکاندا دەناسرێت، بەو حوکمەی جەوهەری(کرۆکی) نوێگەری لە بنەڕەتدا بریتییە لە پرۆسەی گۆڕانکاری، بۆیە لە لەهەموو بارێکدا نوێگەری وەک بابەتێکی خوازراوو چاوەڕوانکراو لێیدەڕوانرێت، بەڵام دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەین کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا کەم تا زۆر تەگەرە و گرفت و هێزی بەرهەڵستکار هەیە بۆ ڕێگریکردن لە هەنگاونان(بزاوتی) نوێگەری یا خاوکردنەوەی هەنگاوەکانی نوێگەری، ئەمەش زۆرجار خۆی لە هەندێک داب ونەریت و بەهادا دەبینێتەوە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییانەی گروپگەلێک لەگەڵ دەرئەنجامەکانی نوێگەریدا یەکناگرێتەوە.

sjh@univsul.edu.iq



ڕۆژی پۆشاکی کوردی-٢٠٢٤-هەولێر

**بەشی چوارەم: دەرئەنجام، پێشنیاز و ڕاسپاردە**

**یەکەم/ دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:**

١.پۆشاکی خانمانی کورد جێی بایەخی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان بووە.

٢.پۆشاک وەک شوناسێکە بۆ سەرجەم نەتەوەیەک و کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە.

٣.پۆشاکی خانمانی کورد گونجاوە لەگەڵ هەڵکەوتە و جوگرافیای کوردستان.

٤. ئایدۆلۆژیای گشتگیر(شمولی) کاریگەریی هەیە لەسەر کاڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی.

٥.پۆشاک زمانی دووەمی میللەتانە بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن لە شوناسەکەیان.

٦. پۆشاک تا ڕادەی ئاشکراکردن کاریگەری هەیە لەسەر شوناسی نەتەوەیی.

٧. مۆدێرنە توانیویەتی کاریگەری پۆزەتیف و نێگەتیڤی هەبێ لەسەر پۆشاک وەک شوناسی نەتەوەیی.

**دووەم/ پێشنیازی توێژینەوەکە:**

١.جەخت بکرێتەوە لەسەر پاراستنی ئەم شوناسە وەک هێمایەکی شوناسی نەتەوەیی لای نەوەی نوێ.

**سێیەم/ ڕاسپاردەی توێژینەوەکە:**

١.ناساندن و یادکردنەوەی ئەم شوناسە تەنها لە یادکردنەوەی ڕۆژێکدا نەبێت، بەڵکو لە بواری پەروەردە و فێرکردن کاری زیاتری بۆ بکرێت تا ئەندازەی خوێندن لەبارەی پرسە نەتەوەییەکانەوە.

٢.توێژینەوەی زیاتر لەبارەی پۆشاکی ئافرەتانی کوردەوە بکرێت، بەچەشنێک لۆبی بۆ بکرێت تا لەسەر ئاستی دەرەوەش وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ناساندنی بۆ بکرێت.

٣. بە پێی ناوچەی جوگرافی کوردستان زاراوەکانی تایبەت بە پۆشاک بە گشتی بناسێنرێت.

٤. . ساڵانە فێستیڤاڵی تایبەت بە نمایشی پۆشاکی کوردی ئەنجام بدرێ ومارکێتینیگی بۆ بکرێ.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

- فاروق، کەمال، لە پەراوێزی کەسێتی دا (خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی ڕەفتار)، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چ١، ٢٠١٣.

- گوڵمحەمەدی. ئەحمەد، بە جیهانیبوون، کولتوور، شوناس، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، ٢٠٠٧.

-عبیدات، ذوقان و د.سهیلة ابو السمید، (البحث النوعي و البحث الکمي)، دار الفکر للطباعة والنشر والتوزیع، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.

- مرجيســـن، جوليـان ام مردم نگـارى: طراحى، هدايـت و ارائهى تحقيق، مترجم: ســيـد قـاســم حســـنى. نـاشـــر جامعشناسان(٢٠١٤ .

- هانسن، هنى هارولد، و: عزيز گردى، حياة المرأة الكردية- دراســـة ميدانية حول الجتمع الاسلامي في العراق، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد-١٩٨٤.

Ashmore RD, Jussim L, Wilder D (editors). 2001. Social Identity, Inter-group Conflict, and - Conflict Reduction. Oxford University press.

Bourdieu, P. (1986). “The Form of Capital” In j. Richardson (Ed.), handbook of Theory and - research for Education. Greenwood.

Eleanor Knott. 2017. Nationalism and belonging: introduction LSE: The London School - of Economic and Political Science.

- Francis Fukuyama. The end of History. 1998, the national interest magazine.

-Homi K. Bhabha. The Location of Culture, Published February 10, 1994 by Routledge.

Jason, Leonard A. and Glen wick, David S. (2016) Handbook of Methodological - Approaches to Community–Based Research: Qualitative, Quantitative, and Mixed Methods. USA: Oxford University press.

Lee Y. 2012. Modern Education, Textbooks, and the images of the nation: politics and - modernization and nationalism in Education. Routledge.

-Rostow, W. W. (1960). The Stages of Economic Growth: A Non-Communist Manifesto. Cambridge University Press.

Tajfel H, Turner JC.1986. The social Identity Theory of Inter- group Behavior. Psychology - of Intergroup Relations.

- https://www.foreignaffairs.com/articles/united-states/1993-06-01/clash-civilizations#

**Abstract**

Clothing (costume) is the revealing key to an individual's uniqueness among all nationalities. Every society has its own style of clothing that connects it to its culture and society; through it, the community's national identity is identified. From this perspective, the Kurdish people, the largest stateless nation in the world, possesses its own unique clothing (costume), with numerous types, styles, and designs that reflect the topographical aspects and geographic formation of Kurdistan, a style that has attracted the attention of Orientalists. The Kurdish women's dress (costume), with its diverse colors and patterns, has become a symbol of the passion for life and women's connection to nature, filled with greenery and diverse flowers. It is also an indicator for human feelings and positive energy.

This research is a scientific attempt to answer key questions, the most important ones are: To what extent is clothing (costume) considered a symbol and identity? What cultural indicators does Kurdish clothing contain? What are its internal meanings and evidences?

This research gains its importance from being the first scientific and academic attempt in Kurdish language in the field of anthropology and within the scope of the research title. It also serves as an incentive to consider and pay attention to clothing (costume) as an important symbol and indicator of the Kurds as a nation without an independent state. Therefore, the overall objective of this research is to clarify the reality of Kurdish women's clothing (costume) in the eyes of Kurdish specialists and experts, while demonstrating the ideological influence on clothing (costume) as a symbol of national identity.

The main conclusion in this research is that clothing (costume) is the second language for nationalities to express their identities, and ideologies, especially the totalitarian ones, that should have an impact on undermining nationalist sentiments, which are often reflected in the styles, models, and even colors of Kurdish women’s clothing (costume) in our society.